شانۆگەری

طلعت سامان

# نەفرەتلێکراو

- چەند سەرنجێك -

١ - کورتەی ئەم چیرۆکە فۆلکلۆری یەی کە بووە هەوێنی شانۆگەری یەکە .

دێوانەیەك و دارتاشێك و بەرگدروویەك ، لە سەفەردا شەویان بەسەردادێ .. دەچن لە ئەشکەوتێکدا ئۆقرە دەگرن . جابۆ ئەوەی خۆیان لە ورچ و درندەی تر بپارێزن بریار دەدەن هەرچەند سعاتێ یەکێك شەونخونی بگرێ .. بەرێکەوت ، دارتاش نۆرەی یەکەمی بەردەکەوێ و دووەکەی تر دەخەون . کاکەی دارتاش بۆ ئەوەی خۆی خەریك کات ، دارێکی گەورە دەدۆزێتەوەو هێدی هێدی پەیکەری ئافرەتێکی شۆخی لێدروست دەکا .. نۆرەی تەواو دەبێ و بەرگدروو بەئاگادێنێ .. ئەمەش کە چاوی بەپەیکەرەکە دەکەوێ زۆری لاجوان دەبێ ، بۆیە بریاردەدا ، دەستە بەرگێکی ئافرەتانەی رێك وپێکی بۆ دەدورێ .. نۆرەی دارتاش تەواو دەبێ و دێوانە بەئاگادێنێ .. مام دێوانەش کەچاوی بەپەیکەر دەکەوێ دەحەپەسێ و لە دڵی خۆیدا دەڵێ « ئای کە جوانە ، تەنیا گیانی گەرەکە » .. ئینجا سەر بەرز دەکاتەوەو لەخوا دەپارێتەوە ، بەڵکو خوای بەخشندەو میهرەبان گیان دەبەخشێ بەپەیکەرەکە . لە ئەنجامدا مرازی دێوانە حاسل دەبێ و پەیکەر دەجوولێتەوە ..

بەیانی کە دارتاش و بەرگدروو لە خەو هەڵدەستن و چاویان بەپەیکەر دەکەوێ گیانی هاتووەتەبەر .. تەماح دەیانگرێ و هەرکەسەو خۆی بەخاوەن پەیکەرەکە دادەنێ .. تاڵیان دەبێتە دەمەقاڵێ و شەر .. لەکۆتایی ، بەچەکوش و مقەست و سوژن دەکەونە ناویەك تا هەم خۆیان و هەم پەیکەرەکەش دەکوژن .

٢ - ئەم شانۆگەری یە بۆ یەکەم جار بەزمانی عەرەبی لە رۆژی ١٩٦٩/١٢/٢٢ دا لەسەر شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا پێشکەش کراوە بۆ وەرگرتنی بروانامەی ئەکادیمیاکە .

٣ - لە شەوی ١٩٧٠/٣/٢١ دا بۆ دووەم جار - بەزمانی کوردی - لەسەر شانۆی سینەمای سەمیرامیس پێشکەش کرایەوە ..

٤ - لە ١٩٧٠/٤/١ دا بۆ جاری سێیەم لەسەر شانۆی - ساطع الحصری - کولیجی پەروەردەی بەغدا پێشکەش کرایەوە ..

٥ - لە ١٩٧٠/٥/١٧ دا تەلیفزیۆنی بەغدا تۆماری کرد . لام وایە نەفرەتلێکراو نوێترین تۆمار کراوی شانۆگەری کوردی یە .

٦ - لە دەرهێنانە کوردی یەکەدا ئەم ئەکتەرانە دەوریان تێدا بینی .. بدیعە دارتاش ، احمد سالار ، فەرهاد شریف ، زهیر عبدالمسیح ، حیکمەت هیندی ، سعدون یونس ، پەروین بابان و چەند ئەکتەرێکی تر .

## دەقی شانۆگەری یەکە

### - دیمەنی یەکەم -

« شوێن گۆرستانێکەو کات بەرەبەیانە .. نەفرەتلێکراو بەشێوەیەکی نامۆیی لە نێو گۆرەکاندا بە دیار دەکەوێ .. نەتەمەنی ، نەدەستوری بەرگی ناناسرێن . چەند کەسانێکی لات و شپرزە « کۆرس » دەوری دەدەن .. »

**کۆرس** : « بەئاوازێکی نامۆو نائومێدی »

لە کۆسکەوتێ دەگەرێین مردنی تام کردبێ لە شادمانێ دەگەرێین ژیانی تام کردبێ .. ئێمە دابەستەی مێژووین یاری یەکەی هەمیشەیی هەمووشتێکمان زانی ، تەنانەت خۆشی



ئەبێ .. هێزێ لەناخماندا شۆرش هەلدەگیرسێنێ لە هەنگاوی‌یەکەمدا هیوامان لێدەسێنێ .. دەگەرێین لە راستی‌یەك لای زۆران ئەندیشەیە لامان بەرزو پیرۆزە ، لایان یاری‌و گەمەیە ..

**یاریدەر** : « لە پرپەیدا دەبێ » لێ‌ی دەن .

**ئەفرەتلێکراو** : « پاش ئەوەی کۆرس پەلاماری دەدەن » بە هەموو هێزمانەوە لێم‌دەن . بەلام دلنیابن نابەزم ، ناگەرێمەوە گۆرەکەم .. هۆ .. ئەی مێشوولەکانی جیهان .. کارم تێناکەن .. من .. رەقترم لە شاخی حەساروست .. هەرچەند ئازارم دەن ئەوەندە بەهێزتر دەبم .

**یاریدەر** : مەودای نەدەن ..

**ئەفرەتلێکراو** : مەودای من ! من ئەفرەتلێکراو .. ئەفرەتلێکراو .. زۆران رۆیشتە گیانم هەرژیاو . تا لەسالێکدا بەهار یەك کژبێ رۆژێ لە هەرسال دێمەوە ژیان .. ئەفرەتلێکراو .. ئەفرەتلێکراو ..

**یاریدەر** : « کۆرس هان‌دەدا » لێ‌ی دەن .. بێزاری‌کەن ..

**ئەفرەتلێکراو** : « بەقاقایەکی ترسێنەر » بێزار ..! هەی گەلحۆی هیچ نەزان .. هەرچەند پتر ئازارم دەن .. پتر ژیانم خۆش دەوێ .. ئەوەی بە ئازار هاتبێتە ژیان ، بە ئاسانی بەری نادات .

**یاریدەر** : هەنجن هەنجنی کەن .. لەت لەتی کەن .

**ئەفرەتلێکراو** : بەلێ .. هەنجنم کەن . لەتم‌کەن .. بەلام ناتوانن بمکوژن .. چەند بورکان کوژانەوە .. چەند دەریا ووشك بوون .. چەند نەتەوە سرانەوە ، چەند ئاین گەرانەوە ، چەند ئاژەلی وەك دیناسور کوژانەوە .. چەند .. چەند ..؟! کەچی من .. تەنانەت من نامرم ..

**یاریدەر** : بیرژێننەوە .. وەك هەویر بیشێلن ..

**ئەفرەتلێکراو** : گێلترین گێل لەسەر زەوی‌دا توی هەتا مرۆڤی وەك تۆ لەژیاندا بن ، من دەژیم .. ژیانم بەدەست گێلانەوەیە مردنیشم بەدەست خۆم .

**یاریدەر** : ئەفرەتلێکراو .. درۆ دەکەی .. هەر دەمری ..

**ئەفرەتلێکراو** : مردن !؟ بەلێ .. جاکەس هەیە نەمرێ ؟ بەلام من ، تەنیا من .. وەك خۆتان چاك دەیزانن ، دێمەوە ژیان .. لەبەهاردا ، لەگەل ژیانەوەی گولزارو مەل‌و سروە .. لەتەك گەرانەوەی پەرەسێلکەو پەپوولەدا .. بە ئومێدی بەهارێکی هەمیشەیی .. بەلام کەزانیم جیهان نەگۆراوە ، لەهەر سالێکدا سێ کژ بە فیرۆ دەچن .. دەگەرێمەوە گۆرەکەم ، بە دلێکی گەش ، بەتەمای سالێکی‌تر .. وای ! دەبینم وەستاون ..؟ دەی کورینە لێم‌دەن .. مەوەستن . « کورس پەلاماری دەداتەوە » ئەم لێدانەگیانم بەهێزتر دەکا ..

**یاریدەر** : « بەسەرکەوتن » واتە ، بوەستە ، بوەستە . وای لێ دەکەین ..

**ئەفرەتلێکراو** : بەکرێ‌گیراوە نەزانەکان ، بۆ وەستاون !؟ « هێمنی » سوپاس .. واتە .. با برۆم ..

**یاریدەر** : بۆ کوێ ؟

**ئەفرەتلێکراو** : ئەگەر نە توانم هۆش‌و سۆزتان بجولێنم دەرۆم .. بۆ دروست کردنی بەهار .. بەوماوە کەمەی لەبەر دەستمدایە بەهار دروست دەکەم.

**یاریدەر** : لەکێ ؟

**ئەفرەتلێکراو** : لە ئێوە . ئەی خۆ لە ئاژەلیش‌نا ..

**یاریدەر** : واتە بوەستە . با ئاگاداری خواوەندەکانم بکەمەوە ..

**ئەفرەتلێکراو** : خواوەندەکانت ! کێن ؟

**یاریدەر** : چۆن ، گوایە نازانی من یاریدەری خواوەندی هۆش و خواوەندی سۆزم .؟

**ئەفرەتلێکراو** : بەراست ، دەنا منیش کارم لای ئەوانە : -

**یاریدەر** : « بەشادمانی » ئەفرەتلێکراوی بەڕێز .. تۆ ، تۆ سەربەرزم دەکەی .. بڵێ فەرمانت چیە ؟

**ئەفرەتلێکراو** : داخوازی‌یەکەم هەیە .

**یاریدەر** : هەرئێستا دەڕۆم ، پێیان رادەگەیەنم .. کە ، کە جەنابی ئەفرەتلێکراو داخوازی هەیە ..

**ئەفرەتلێکراو** : کەواتە .. بڕۆ .. لێرەدا چاوەڕوانتم .. « یاریدەر دەڕوات »

## - دیمەنی دووەم -

**« شوێن ، بارەگای خواوەندانە »**

**یاریدەر** : « بەپەلەدێت ، بەترس و رێزەوە دەچەمێتەوە » خواوەندەکانم ئەی خواوەندی هۆش .. ئەی خواوەندی سۆز .. هۆش و سۆزی بەندەیەکی بێ‌نرخ ئاراستەی دیاری پیرۆزتانە .. « خ . هـ . کورتەی خواوەندی هۆش و خ - س . « کورتەی خواوەندی سۆزەو هەر یەکەو بەلایەکدا ، بەشێوەیەکی فانتازیانە دێنە بارەگا .»

خ س : چیە دیسان : بۆ هاتووی ؟

خ . هـ : ئایا توانیتان لە بڕیارەکەی پەشیمانی‌کەنەوە ؟

خ . س : تۆ هەربەناو یاریدەری ئەگینا کوا ، چەندەها ساڵە بەرهەمێکت نەبووە !؟

خ . هـ : خواوەندی سۆز .. دەبوری .. واچاکە یەکسەر لە مەبەست بدوێین .

خ . س : ئۆه .. بەداخەوە .. تکایە بمبورە .. چەند تاوێ لە بیرم کردی - ئەی خواوەندی هۆش من حەز بەدوبارە کردنەوەی شتی پڕو پووچ ناکەم .

خ . هـ : منیش هەروا .. بەلام پێویستە بزانین ئەم مرۆڤانە تەواونین واچاکە لەهەندێ چەوتی‌یەکانیاندا چاو بپۆشین ..

خ . س : هەرچەندە من و تۆ هاو گیانین بەلام هێزەکانمان لە ناخیاندا دوژمنن .

خ . هـ : بێ‌گومان . گەروا نەبوایە ، ئێمە نرخمان نەدەما .. بەڵکو ئەوان لای یەزدانی خواوەندان لە ئێمە پیرۆزتر دەبوون .

خ . س : هەربۆیە ئەفرەتلێکراو دەیەوێ چوار کژی ساڵ بکاتە بەهار ..

خ . هـ : ئەو کاتەی هۆش و سۆز لە قوڵایی مرۆڤدا دەبنەوە یەک‌هێز ..

خ . س : ئەم کارە گرنگە گرنگ .. کۆتایی هاتنی ئێمەی تێدایە .. پێویستە لە خواوەندی مردن بخوازین بەزووترین کات بیکوژێ .

خ . هـ : هەموو ساڵ ئەوە دەکەین . کەچی ئەفرەتلێکراو لەتەک زیندووبوونەوەی بەهاردا زیندوو دەبێتەوە .

خ . س : سەیرە ! چۆن مرۆڤێکی مرۆك دەتوانێ بژیێتەوە .

خ . هـ : لە یەزدانی خواوەندان بپرسە . فەرمانی ئەوە ..

خ . س : دەشێ گومان بکەین .. کە لەگەڵ ئەفرەتلێکراودا نهێنی‌ی هەبێ ؟

خ . هـ : کێ دەزانێ ! پێم‌گوتی ئەفرەتلێکراو دەیەوێ هۆش و سۆزی مرۆڤ بکاتەوە یەك هێز .

خ . س : بەراست ! ئەرێ خواوەندی هۆش .. بۆ ئەم بەندەیە بە ئەفرەتلێکراو ناسراوە ؟

خ . هـ : گیانەکەم .. مرۆڤ وەك ئێمە‌نین . ئێمە بە هەمووئەو هێزانە دەڵێین دوژمن کاتی دژ بە قازانجمان دەوەستن . بەلام مرۆڤ ، ئەوەش جێ‌ی لاوازی‌یانە ، بەهەندێ دوژمن دەڵێن تاوانبار ، گوناهبار ، شێت ، گێل .. یانەفرەتلێکراو ..

خ . س : هەسامەوە .. وای ، ئەم مرۆڤانە چەند سەیرن ..

خ . هـ : جا با لەیاریدەر بپرسین .

خ . س : دەربارەی ئەفرەتلێکراو ؟

خ . هـ : بەڵێ . « بەیاریدەر » هەستە چیتان لە ئەفرەتلێکراو کرد .؟

**یاریدەر** : « بەترس و لەرزەوە » خواوەندەکانم ..

**نەفرەتلێکراو** : « گورج بە ژوور دەکەوێ » دەتانەوێ فێلم لێ بکەنەوە وانیە ؟ باشە . ئەگەر کارم نەرەخسێنن ، دەرۆم .. سەربەخۆ ڕۆم ..

**خ . س** : خواوەندی هۆش .. بۆ، مرۆڤ دەیەوێ لە ئێمە پیرۆزتربێ ..؟

**نەفرەتلێکراو** : « بەئازایی » من بەپەلەم . ڕێگا هەیە یان ..

**یاریدەر** : گوێت کەڕ کردم . لاڵ بە .. نازانی بەهۆی من نەبێ ناتوانی ببیان دوێنی ؟

**نەفرەتلێکراو** : نا ، مام جامباز ، ئەمەم لەبیر چووبوو .. دەفەرموو ئیشەکەم بۆ ڕاپەڕێنە .

**یاریدەر** : ئەگەرێ شێوەی دواندنت پاك نەکەیتەوە هیچت بۆ ناکەم . من یاریدەری دوو خواوەندانم .

**نەفرەتلێکراو** : ببورە یاریدەری دوو خواوەندان هەسایتەوە ..

**یاریدەر** : « بەشادمانی » سوپاس گەورەم ، نەفرەتلێکراوی بەڕێز . ئێستا بەتەواوی چیت دەوێ ؟

**نەفرەتلێکراو** : بەدیاری پیرۆزیان بلێ .. دوو مرۆڤم پێشکەش بکەن .. یەکێکیان پەیکەرتاشێکی هەستیاربێ و ئەویتر بەرگدروویەکی هۆشمەند ..

**یاریدەر** : هەر ئەوەندە ! ئاسانە .. بەلام ، بەلام ئەمانەت بۆچیە ؟

**نەفرەتلێکراو** : دەتەوێ تووڕەبم ؟

**یاریدەر** : نەخێر ، نا .. نەکەی .. نەفرەتلێکراوی دێرینم .. هەموو ئومیدم شادیتە .. گوێ بگرە . هائێستا .. باشە ، چییان لێ داواکەم ؟

**نەفرەتلێکراو** : « بەبێزاری » دوو مرۆڤم بدەنێ یەکیان پەیکەرتاشێکی هەستیاربێ و.

**یاریدەر** : ئەویترش بەرگدروویەکی هۆشمەند .. وانیە ؟ زۆر چاکە .. بەلام .. ئەوانەت بۆچیە ؟

**نەفرەتلێکراو** : « بەتووڕە بوونێکی گەرم » ئەگەر مرۆڤ نەبوایت ، ئێستا دەمکوشتی .. دەڵێی تووتی و فێرە قسەبوویت .

**یاریدەر** : ڕاستدەکەی .. هێمن بە .. گوناهی خۆمە . من دەردی لەبیرچوونەوەم هەیە .. هەر ئەم هۆیەشە منی کردوەتە گیرۆدەی ئەمانە .. دێرینەکەم بمبورە .. دەلێم .. بەشەرمەوە دەلێم .. ووتە ووتە خواستەکەی خۆت بلێ .. منیش ووتە ووتە پێیانی ڕادەگەیەنم ..

**نەفرەتلێکراو** : باشە . تەنیا ئیشەکەم بۆ بکە .. ئێستا گوێ بگرە .. ئەوە دەستم پێ کرد .. دوو مرۆڤم ..

**یاریدەر** : دوو مرۆڤی ..

**نەفرتلێکراو** : دەوێ ..

**یاریدەر** : دوو مرۆڤی دەوێ ..

**نەفرەتلێکراو** : یەکیان ..

**یاریدەر** : یەکیان ..

**نەفرەتلێکراو** : پەیکەرتاشێکی ..

**یاریدەر** : پەیکەرتاشێکی ..

**نەفرەتلێکراو** : هەستیاربێ ..

**یاریدەر** : پەیکەرتاشێکی هەستیاربێ .

**نەفرەتلێکراو** : دووەم ..

**یاریدەر** : دووەم ..

**نەفرەتلێکراو** : بەرگدروویەکی ..

**یاریدەر** : بەرگدروویەکی ..

**نەفرەتلێکراو** : هۆشمەندبێ ..

**یاریدەر** : بەرگدروویەکی هۆشمە ندبێ ..

**خ . س** : « بەتووڕەییەوە » ئەمە پیلانە ..

**خ . هـ** : بۆچیتە .؟

**یاریدەر** : نەفرەتلێکراو داوادەکا ..

**خ . س** : نەفرەتلێکراو .! « بەترسێکەوە » نەمگوت ئەمە پیلانە ..

**خ . هـ** : پێی بلێ بۆ چییەتی ؟

**یاریدەر** : گەورەم نەفرەتلێکراوی دێرین .. لەسەرەتادا پێم گوتی دەفەرموو .. ئەوە دەلێن بۆچیتە ؟

**نەفرەتلێکراو** : پێیان ڕابگەیەنە .. دەمەوێ لەناخی ئەم دوو

مرۆڤە ناتەواوو جیاوازە ، گیانێکی تەواو بهێنمەدی ..

**یاریدەر** : خواوەندەکانم .. ئەوە دەڵێ .. لەناخی ئەم دوو مرۆڤە ناتەواوو جیاوازە گیانێکی تەواو دروست دەکا ..

**خ . س** : ئەمە درۆو دەلەسەیە .. خواوەندی خۆش ، سەیری ئەم پیلانە مرۆڤانەیە ..

**خ . هـ** : بەو ناتەواوە بڵێ .. چۆن دەتوانێ کاری وابکات ..

**یاریدەر** : ئەوە دەڵێن .. چۆن دەتوانێ کاری وابکەیت ؟

**نەفرەتلێکراو** : فەرمانم لەیەزدانی خواوەندان وەرگرتوە ..

**یاریدەر** : دەڵێ .. فەرمانم لەیەزدانی خواوەندان وەرگرتوە ..

**خ . س** : « بەهەناسە برکێوە » درۆ .. درۆ

**خ . هـ** : ناگیانەکەم .. نەفرەتلێکراو درۆناکا .. کار لەکار ترازاوە ..

**خ . س** : من ناهێڵم هونەری پەیکەرتاشێکی لایەنگیرم دژ بەئارەزووم بەکاربێت .

**خ . هـ** : ئەوە دەڵێی چی ! دەتەوێ تووشی قینی یەزدان بیت !؟

**خ . س** : نا ، نا .. دەهێڵم . هەرکامیانی دەوێ ، خۆی سەرپشك بێ ..

**خ . هـ** : « هێمنی » ئەم کارەی نەفرەتلێکراو ، بێگومان ، لەهەموو کارەکانی پێشووی ترسێنەرترە .. نرخی ئێمەو مرۆڤ لەتەرازوو دەدات .

**خ . س** : شێواوم .. شێواو .. چارچیە ؟ تۆبڵێ من ئامادەم ..

**خ . هـ** : ئێستا هیچمان بۆ ناکرێ ..

**خ . س** : ئەی کەی شتێکمان بۆ دەکرێ ، کەی ؟!

**خ . هـ** : مەترسە ، بەیەکیەتی هۆش و سۆز هەر حەوت ئاسمان دەلەرێنەوە .

**خ . س** : واتە ئومێد هەیە ..

**خ . هـ** : ئەگەر یەزدانی خواوەندان تێکەل نەبێ ..

**خ . س** : ئاسانە .. بە یاریدەر » بە نەفرەتلێکراو بڵێ ، بریارمان لەسەر خواستەکەیدا .

**یاریدەر** : مزگێنی .. ئامانجت هاتە دی ..

**نەفرەتلێکراو** : سوپاس .. « دەڕوا »

**خ . هـ** : یاریدەر ، مەوەستە .. بڕۆ چاودێری بکە ..

**یاریدەر** : فەرمانت خواوەندی هۆش .. فەرمانت خواوەندی سۆز .. « دەڕوا »

**خ . س** : « هێمنی » ئەرێ .. یەزدانی خواوەندانیش یاریدەری هەیە ؟

**خ . هـ** : ئەی ئێمە چین !

**خ . س** : لە ئێمە نا ، نا .. لە مرۆڤ ..

**خ . هـ** : نەخێر ..

**خ . س** : ئەی چۆن دەتوانێ مرۆڤ بدوێنێ ؟

**خ . هـ** : ئەمە نهێنی تایبەتی خۆیەتی .

**خ . س** : ئەی بۆ نایداتە ئێمە ؟

**خ . هـ** : ئەی بۆ ئێمە نهێنی خۆمان نادەین بە مرۆڤ ؟

**خ . س** : « بەقینەوە » ئاوا ..

**خ . هـ** : بەڵێ .. جا بابرۆین ، بزانین نەفرەتلێکراو چی‌دەکا ..

**خ . س** : بەڕاست .. خۆ ئەمەم لەبیر چوو بووەوە ..

**خ . هـ** : تۆ برۆ ، بەڵکو یەزدانی خواوەندان خەریك دەکەیت ..

**خ . س** : بەڕاست .. ئەمەشم لە بیر نەبوو ..

## - دیمەنی سێیەم -

« شوێن : - نێو ئەشکەوتێکە .. دەرگاکەی کەوتووەتە سەرووی شانۆ « کات : - هێشتا خور هەڵنەهاتووە ، پەیکەرتاش و بەرگدروو بەپەیکەرێکەوە خەریکن »

**نەفرەتلێکراو** : خێراکەن .. براینە پەلەبکەن .. خور واهەڵدێ ..

**پەیکەرتاش** : لەسەرخۆبە .. لەجیاتی هانم دەی ، دەمشێوێنی ..

**نەفرەتلێکراو** : خۆر هەڵدێ خۆر ..

**بەرگدروو** : من تەواو ..

**نەفرەتلێکراو** : کراسەکەی کورت نیە ؟

**بەرگدروو** : دەستووری ئەمرۆ ئاوایە .

**نەفرەتلێکراو** : باوکم یەکەم کەس بوو جلوبەرگی داهێنا .. لەتە پێستێكو برایەوە .. پاشان . بەرەو ڕێكوپێكی ڕۆیشت .. تا ئەم چەرخە .. بەلام وادیارە ، مرۆڤ ، دووبارە دەیەوێ لە جلوبەرگ ڕزگاری بێت .. وەك ڕابوردوو .

**بەرگدروو** : کەواتە نانی ئێمەمانان دەبڕێ ..

**پەیکەرتاش** : ئەرێ .. هیچ کەم و کورتی یەکی لێدەبینن ..؟

**نەفرەتلێکراو** : ئەگەرچی نەختێ سەیریشە .. بەلام ، هەرچۆنێ بێ ..

**پەیکەرتاش** : قوربان مۆدێلەکەی هاوچەرخە .

**نەفرتلێکراو** : قوربەسەر ئەم چەرخە .

**بەرگدروو** : بۆنالێی هایدرۆجین ، ئۆتۆم ..

**نەفرەتلێکراو** : « بەشێوەیەکی نەزانانە » های .. درۆ .. جین .. ئۆ .. ئۆ .. تۆ .. م ئەمانە کێن ؟ !

**بەرگەروو** چۆن ، نازانی !؟

**نەفرەتلێکراو** : « لەپڕێکەوە » ئیشی ئێوە تەواو .. بامنیش دەست بەئیشی خۆم بکەم. « پەیکەرتاش و بەرگدروو بەحەپەساوی دەڕواننە یەکتری » ئەی هەتاو .. ئەی هێزەکانی ژێر دەستی یەزدانی خواوەندان .. وەرنە لەشی ئەم پەیکەرە .. ئەی چۆلەکەی ژیان وەرە ئەم قەفەزە ، بەفەرمانی پیرۆزی یەزدانی خواوەندان ... « بروسکەیەك » ئەی هۆش ، ئەی گیان جوولە بکە .. ئەی یەزدان .. یەزدانی خواوەندان ، تەنیا فەرمانت ماوە .. « تریشقەو بروسکە » ئەی یەزدان بکەرە فریام .. فریا .. « بروسکەیەکی گەورەو شانۆ تاریك دەبێ . هێمنی تریشقەیەکی یەکجار گەورە . هێمنی .. سێ تیشکی سەوزو سوورو وسپی بەنۆرە لەپەیکەرەکە دەدرێن شانۆ ڕووناك دەبێتەوەو پەیکەرەکە جوولە دەکات » هەردوو خۆرەکە پێکرا هەلاتن .

**پەیکەرتاش** : پەیکەرە ئاسکۆلەکەم. تەماشام دەکا .!

**بەرگدروو** : بەرگەکەم دەجوولێتەوە .!

**نەفرەتلێکراو** : ماندووبوونی هەزارەها سالەم بەفیرو نەچوو .. مرۆڤەکەم .. مرۆڤە دێرینەکەم .. ئۆخەی .. خۆگیانت بەبەردا هات .. برایان .. ئاگاداری بن .. ها ئێستا دەگەڕێمەوە .. بابچم ، مزگێنی بەجیهان ڕابگەیەنم .. « بەپەلە دەڕوات »

**باریدەر** : « دێتەژوورو پەیکەرەکە دەبینێ » ئەوەچی دەکەن !؟

**پەیکەرتاش** : بەتۆچی !

**یاریدەر** : چۆن بەمن چی !؟ نازانن من ..

**بەرگدروو** : بەلێ .. دەیزانین .. ها ئەها .. وا دەڕۆین .

**یاریدەر** : ئەی ئەم ئافرەتە چیە ؟

**پەیکەرتاش** : پەیکەری خۆمە .. « دەیەوێ پەیکەرە کا لەگەڵخۆیدا بەرێ »

**بەرگدروو** : ڕاوەستە .. ئەم گیانە هی هەرسێکمانە ..

**پەیکەرتاش** : چۆن چۆن :

**یاریدەر** : ئافرەتێكو سێ پیاو ؟! بەزمەکەیە ..

**بەرگدروو** : ئاگادری زمانت بە ..

**پەیکەرتاش** : « بەپەیکەرەکە » بابڕۆین . توانای ئەم چەنە لێدانەمان نیە ..

**بەرگدروو** : ڕاوەستە .. ئەم گیانە تەنیا بۆ تۆنیە .. من و نەفرەتلێکراویش بەشمان تیدایە ..

**یاریدەر** : ئاوا ناگەینە ئامانج .. کێ هێناویەتی ؟

**پەیکەرتاش** : من دروستم کردوە ..

**یاریدەر** : دروستت کردوە !؟ واتە ، هی تۆیە ..

**بەرگدروو** : ئەی من ! ئەی نەفرەتلێکراو ؟!

**یاریدەر** : بەدادگەریم قایلنین ، ئایا من یاریدەری دوو خواوەندان نیم ؟

**بەرگدروو** : بەلێ .

**یاریدەر** : واتە باوەڕ بەدادم بکەن .

**بەرگدروو** : بەڵام ئەی یاریدەری بەڕێز ..

**پەیکەرتاش** : لاڵبە .. چۆن لەئاست یاریدەر درێژە بەقسان دەدەی؟

**بەرگدروو** : ئەوە یاریدەر لەکەیەکەوە ئەمەندە خۆشەویست بووە ؟

**پەیکەرتاش** : ئێستا درێژەی ناوێ .. پەیکەری خۆمەو مافی کەسی بەسەرەوە نیە .

**بەرگدروو** : ئێمەش مافمان بەسەرەوە هەیە .. وانیە خوشکە ..

**پەیکەر** : بەڵێ .. بەتایبەتی نەفرەتلێکراو ..

**پەیکەرتاش** : ئافرەتەو دەمی کرایەوە .. « بەپەیکەرەکە » تۆش لاڵبە ..

**بەرگدروو** : چۆن دڵت هات ؟

**بەیکەرتاش** : پێت دەڵێم درێژەی مەدەرێ .. با نەتکوژم .

**بەرگدروو** : باشە برام باشە .. پەلە مەکەو کەسیش مەکوژە .. بوەستین تا نەفرەتلێکراو دەگەڕێتەوە ..

**پەیکەرتاش** : نەفرەت لەتۆو نەفرەتلێکراویش .. پەیکەرەی خۆمەو تەواو ..

**بەرگدروو** : ئەمە خۆپەرستی یە .. ناپاکی یە ..

**پەیکەرتاش** : « بەچەکوشەکەی هەڕەشە لە بەرگدروو دەکا » پێم‌گوتی لاڵبە ..

**بەرگدروو** مافی خۆمەو بێ‌دەنگ نابم ..

**پەیکەرتاش** : دیارە لاڵ نابیت . خۆبگرە . « پەلاماری بەرگدروو دەداو » پەیکەرەکە ناوبژی‌یان دەکا .. بەڵام چەکوشێکی بەهێزی پێ دەکەوێ ، گلۆر دەبێتە خوارەوە .. » پەیکەری خۆم کوشت ..

**بەرگدروو** : بەڵکو نەفرەتلێکراوت کوشت هەی تاوانبار راستیت کوشت ..

**پەیکەر** : « بەدەم ئاوزینگدانەوە » بەڵێ ، راستیت کوشت .

بەڵام ئەوەی لەدووی عەودالە نەمرە .. « لە جوولە دەکەوێ »

**بەرگدروو** : داخم بۆ نەفرەتلێکراو .. « پەیکەرتاش دەیەوێ رابکا ، بەرگدروو دەیگرێ‌و دەبێتە شەڕیان .. بەچەکوش‌و مقەست یەکتر دەکوژن »

**یاریدەر** : « بەشادی » ئەی خواوەندەکانم لەکوێن !؟ دووبارە بەهاری نەفرەتلێکراوم کوشتەوە ..

**دەنگ** : دەست‌خۆش یاریدەر .. دەست خۆش ..

**نەفرەتلێکراو** : « لەتەك کۆرسدا دێتە ئەشکەوتەکە » ئەوەچیە !؟ کارەسات بێ‌ئومیدی .. بەهارەکەم .. هاورێکانم .. هیوام ..

**یاریدەر** : دەی .. لەم درۆزنە فێلبازەدەن .

**نەفرەتلێکراو** بەڵام چۆن ؟ کەی ، لەبەرچی !؟

**یاریدەر** : « بەفەرمان » خێرا .. دەی ، رەوانی گۆڕستانی کەنەوە .. تێ‌ی‌هەڵدەن . « کۆرس بەنادڵی بەرەو نەفرەتلێکراو دەچێ »

**نەفرەتلێکراو** : مرۆڤی تەواومتان کوشت . دیسان .. قەیدی ناکا .. بەڵام بۆ یەکترتان کوشت ؟ لە کۆنەوە ، کۆڕی جەنگی هۆش‌و سۆز لەناخی مرۆڤدا بوو .. بەڵام ئەمجارە ، کۆڕەکە کەوتە سەر زەوی .. بروانن .. سەیری پەیکەرتاشی هەستیارو بەرگدرووی هۆشمەند بکەن .. خەریکە بروام دەڕوخێ .. ئەوە بۆ وەستاون ؟ لێم‌دەن . « لێ‌ی دەدەن » ئاهە .. بەڵام .. من .. نەفرەتلێکراو نەفرەتلێکراو .. زۆران رۆیشتن گیانم هەر ژیاو .

تا لە ساڵێکدا بەهار یەك کزبێ .. رۆژێ لە هەرساڵ دێمەوە ژیان ..

نەفرەتلێکراو .. نەفرەتلێکراو ..

« پاش ونبوونیان تاریکی شانۆ دادەگرێ .. تەنیا رووناکی » لەدەرگای ئەشکەوتەکەوە دەمێنێ .. »

**هەولێر**

١٩٦٩/٦/١٠